# قەیرانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لەباکوری کوردستان و داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە..!

دارا مەحمود

شاراوە نییە کە بزووتنەوەی کورد لە باکوری کوردستان، دوابەدوای دەستگیرکردنی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان، کەوتە ناو قەیرانێکی سیاسی- فکری سەخت و ئەمڕۆ هەستیارترین قۆناغەکانی خۆی بەسەردەبات.
هەبوونی قەیران لەیەك، یان چەند قۆناغی ژیانی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی-نیزامی، سروشتی و چاوەڕوانکراوە. بەتایبەتی بۆ وەها بزووتنەوەیەك کە لەهەمبەر دوژمنێکی سەرسەخت و بەتوانادا قامەتی چەماوەی چەندان سەدەی خۆی ڕاستکردۆتەوە. و هەروا هەلومەرجە جیهانییەکانیش ڕەوشێکی وایان هێناوەتە ئاراوە کە کوردو بزووتنەوەکەی لەم پارچەی کوردستاندا جگە لەخۆی و جەماوەرەکەی، دۆست و هاوپەیمانێکی دەرەکی شك نابات و لەسەر ئاستی سیاسی چواردەوری مینرێژکراوە.
گرنگی پێگەی ئەم بزووتنەوەیە بۆ سەرجەم خەباتی کورد بەجۆرێکە کەناکرێ هەروا بەتیلەی چاو بۆی بڕوانین و کوردی پارچەکانی تری کوردستان پێیانوابێ ڕووداوێکەو لەدەرەوەی ئەواندا ڕوودەدات.
زۆرجار شرۆڤەی ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا کراوە. بەڵام بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆری ئەم شرۆڤەو لێکدانەوانە یەکلایەنانە، عاتیفیانە، لەدیدی بەرژەوەندی پارتایەتییەوە هەڵسەنگێنراوە نەك وەك واقیعێك کە هەموو ڕەهەندە دەرەکی و ناوەکییەکانی ببینێت و بخاتە بەر تیشکی شیکردنەوە.
بەر لەهەرشت پێموایە بۆ شیکردنەوەی ئەم قەیرانەو هەڵسەنگاندنی قۆناغی ئەمڕۆیی پێویست بە دەستنیشانکردنی دوو خاڵی سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکییە.
لەسەر ئاستی دەرەکی لایەنێکی قەیرانەکە، پەیوەستەی مامەڵەکردنی دەوڵەتی تورکە لەگەڵ کێشەی کوردا. و بەم دواییانە دەوڵەتی تورك لەسەر ئاستی جۆربەجۆر دەخوازن نوێنەرایەتییەك دروست بێت (یان دروست بکەن) کە دەوڵەت وەك نوێنەرایەتیەك پەسەندی بکات، و شێوازێك لە شێوازەکانی گفتوگۆ بێتە ئاراوە. ڕواڵەتی کارەکە پەرەسەندنێکی پۆزەتیڤانەی پێوەدیارە. بەڵام لەو جێگایەدا لەبار دەبرێت، کە پێشمەرجی دژایەتی کۆنگرەی گەل کە پ ك ك بەشێکییەتی و ڕەتکردنەوەی ئۆجالان دەسەپێنێ. گەرچی هەندێك لایەن و کەسایەتی، وەك عەبدولەلیك فورات، و شەرەفەدین ئیلچی... لەسەرئەو بنەمایەی کورد و کێشەکەی لە (پ ك ك) و ئۆجالان گەورەترن، وەها پێشمەرجێکیان پەسەنکرد. بەڵام بچوکترین لایەنگری جەماوەرییان بەدەستنەخست و بەواتایەکی تر، ئەگەر چەمکی (جەماوەر) گەورەترین فاکتەرێك بێت لە گۆڕانکارییەکاندا، ئەوە وا پێدەچێ هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ئۆجالان و ئەو پارتەدایە کە ئەو لە زیندانەوە سەرکردایەتی دەکات. و گەمەی دەوڵەتی تورك هەموو لایەنەکانی ئاشکرایە کە دەخوازێ بزووتنەوەی کورد بخاتە ناو بازنەی کەمالیزم و بەواتایەکی تریش سنووردارکردنی بزووتنەوەکە لەناو ڕواڵەتێکی بێ نێوەرۆکدا.
لایەنێکی تری گەمەکەی دەوڵەتی تورکیا ئەمەیە کە بەهەر بایەخێك بووە هێزی نیزامی بزووتنەوەکە ناچار بکات دەست بەکاری توندوتیژی دژوار بکاتەوە تا پ ك ك وا لێبکات لە سەر ئاستی جیهان وەك ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ببینرێ. بەمەش هەرچی زۆرتری پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەدەستبخات و ڕێگای هەر دانوستاندێك و چارەسەرییەکی ئاشتییانە ببەستێت و بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش لەسەر دوو هێڵ کاردەکات: یەکەم: گوشار خستنە سەر ئەو هێزە هاوپەیمانانەی لە عیراق ڕۆڵیان هەیە بەتایبەتی ئەمەریکاو هەروا دەوڵەتی عیراق و دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان تا پ ك ك ناچار بکەن باشووری کوردستان بە جێ بێڵێ و بچێتەوە باکوری کوردستان و ناو سنووری سیاسی تورکیا. دووەم: گێچەل و شەڕ پێفرۆشتنێکی بەردەوام لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی، نیزامی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، پسکولوژی...

**بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ قەیران، تەنیا لەسەر چەمبەری سیاسی- ڕێکخستنی ناو بزووتنەوەکەیەو ئاستی نیزامی و هێزی جەماوەری(لانیکەم جارێ) لەدەرەوەی بازنەی قەیرانەکەدان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو فاکتەرانەی بزووتنەوەکەیان هێناوەتە ئاراوە، هێشتا لە ئارادان و بەواتایەکی تر کورد تا بەمافە ڕەواکانی خۆی شاد نەبێت، دەست لەخەبات (بەهەر شێوازێك بێت) بەرنادات و ئەم بزووتنەوەیەش نەبێت یەکێکی تر دەخوڵخقێنێت. بۆیە قسە لەسەر ئاشبەتاڵ و هەرەس و شکەستی گەورە نییە بەڵکو قەیرانێکی فکریی ئۆرگانیکییە. کە پتر لایەنی ڕێکخراوەیی و سەرکردایەتییەکەی دەگرێتەوە.**

**هۆکارەکانی ئەم قەیرانە گەلێکن و گەرچی بە ڕواڵەت دوورکەوتنەوەی ئوجالان لەگۆڕەپانەکەو زیندانیبوونی بەهۆکارو فاکتەری سەرەکی دادەنرێت، بەڵام ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیوەستەی چەند لایەنی ترو کۆمەڵێك هەڵەی کەڵەکەبووی ڕابردوویەو ئەگەر وردتر کێشەکە هەڵسەنگێنین دەبینین قەیران بەر لە دەستگیرکردنەکە دەستی پێکردووەو خودی دەستگیرکردنەکە دەرئەنجامی هەرەگەورەو ڕاستەخۆی ئەو قەیرانەیە نەك هۆکار. و لەو هۆ کارانەش دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:**

1- **عەقڵییەتی کۆن:**

**بزووتنەوەی سیاسی_چەکداریی بە ڕێبەرایەتی پ.ك.ك لە هەلومەرجێکدا دروستبوو کە هێشتا جیهان بەسەر دووبلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا دابەشکرابوو. و گەرچی ئەو بزووتنەوەیە بەڕواڵەت، یان ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی هیچکام لەو دووبلۆکەدا نەبوو. بەڵام بە شێوازێکی تر هەرلە ژێرکاریگەرییەکاندا بوو. و بەرزکردنەوەی دروشمی دژایەتی ئیمپریالیزم ئەوی خستبووە ناو بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە. و ئەوەی کە وەك هەڵەیەك بەزیان بۆ سەر بزووتنەوەکە شکایەوە ئەمەبوو کە سیستەمی جیهانی دوو بلۆکی هەرەسی هێناو ئەم هەموو گۆڕانکارە مەزنانەی بەخۆیەوە دیت کەچی بزووتنەوەکە هێشتا بەعەقڵیەتی کۆن سیاسەتی بەڕێوەدەبرد. بۆ نموونە لە سەر وەختێکدا کە لایەنی بەرانبەری بزووتنەوەکە، واتا دەوڵەتی تورکیا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکا دەبەست. پ.ك.ك ئەڵتەرناتیڤی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوریاو ئێران پێشکەش دەکردو دەچووە ناو بەرەیەکەوە کە بەر لەدایکبوونی مردنی لەبەر چاوان بوو.**

2**مەزنبوونی لەناکاوی بزووتنەوەکە:**

**یەکێك لەو هۆکارە بنەڕەتیانەی تر کەبزووتنەوەکەیان خستە ناو قەیران، مەزنبوونی لەناکاوو چاوەڕوانەکراوی بوو. کە لەسەرێکەوە گوتاری سیاسی بزووتنەوەکەو فیداکاریی و لەخۆبووردوویی کادرو ئەندامانی هەرزوو بوونە جێگای متمانەو باوەڕی خەڵکی کورد. ئەو خەڵکەی بەساڵان لە ژێر سێبەریی بێهیوایی و نەبوونی بزووتنەوەو سەرکردایەتیەك کە لە ئاست خواست و ئامانجەکانیاندا بێت دەیگوزەراند. کە ئەمەش لەگەڵ هەندێك هەلومەرجی تری بابەتیی بەتایبەتی ڕەوشی عێراق و باشووری کوردستان ڕیك هاتەوە.**

**مەزنبوون و خڕبوونەوەی جەماوەرێکی زۆر و لەسەر ئاستی هەرچوارپارچەی کوردستان لە ژێر سێبەریی دروشمەکانی ئەو بزووتنەوەیە حاڵەتێکی لەخۆباییبوونیان بۆ سەرکردایەتی وجەماوەرەکەشی هێنایە ئاراوە. کە ئەم بزووتنەوەیە هیچکات تووشی شکەست نابێت و گوایا هەموو حسابێکی وردو درشتیان کردووەو تەنانەت وادەو ساڵیش بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی دیاریی دەکرا...و ئەو پەیامە بەگوێی خەڵکیدا دەدرا کە سەرکەوتن حەتمیە. ئیتر بە درووستبوونی قەیران و شۆڕبوونەوەی بەرەو نشێوی سیاسیی خەونەکانی ئەو هەموو جەماوەرەی چاوەڕوانی بچوکترین شکەستی نەدەکرد کردە بڵقی سەرئاو. دیارە لەم هەموو زۆری و بۆرییەدا لەشکرێك لە هەلپەرستان و شۆڕەسوارانی ڕۆژانی خۆشی سواری شەپۆلی ڕۆژگاربوون و پلەو پایەشیان لە بزووتنەوەکە بەدەستهێنا. بەڵام لەگەڵ تەسکبوونەوەی گۆڕەپانی خەبات و زۆربوونی ئاستەنگییەکان و دوورکەوتنەوەی وادەی سەرکەوتن لە سەر پشتی ئەسپی شەپۆلی ڕۆژگار هاتنە خوارێ و وەك چۆن بە پرتاو نەوەك فریای دەستکەوتی سەرکەوتن نەکەون هاتنە ناو بزووتنەوەکە ئەمجارەش هەروا بە شپرزەیی و پەلە پروزێ نەوەك ئۆباڵی شکەستیان بێتە ئەستۆ گۆڕەپانەکەیان بەجێهێشت. ولە بزووتنەوەکەش کەوتنە بەهانەی جۆراو جۆر.**

3- **پ.ك.ك وەك ئەلتەرناتیڤ:**

**پارتی کرێکارانی کوردستان دوای مەزن بوونی لە ڕادەبەدەری و بەدەستخستنی توانایەکی زۆری جەماوەری و ماڵی و نیزامی. گەیشتە ئاستێك بووە خاوەنی کۆمەڵە دامودەزگایەك کە لەهی دەوڵەت دەچوو. کە بەڕای من ئەمە یەکێك لە دەسکەوتە گەورەکان و سەروەرییەکانی ئەم پارتەیە، بەڵام ئەم مەزنبوونەی وایان لێکرد ئیتر لەچوارچێوەی باکوری کوردستان بێتەدەرەوەو پەل بۆ هەر**

سێ پارچەکەی تریش بهاوێژێ. ئەم پەلهاویشتن و بڵاوبوونەوەو دامەزراندنی پێگەی جەماوەریی لەو پارچانەدا تەواوی پارت و لایەنەکانی تری ناوگۆڕەپانی سیاسی تۆقاندو گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئەگەر زوو فریای خۆیان نەکەون پارتی کرێکاران بەڕە لەبن پێی هەر هەمووان دەردێنێت و دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ. و بەمجۆرە لە هەلومەرجێکدا کە دەبووایە هاوکاری سیاسیی ئەوهێزانە بەدەستبخات دوژمنایەتی بەدەستخست و کاتێکیش کە ئەو هێزانە نەیانتوانی بەتەنیا پێش بەلافاوی پ.ك.ك بگرن کەوتنەت هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیاو لایەڕەیەکی ڕەشی پڕ لەتراژیدیا لە دیرۆکی سیاسی کورد تۆمارکرا.

لەلایەکی تریشەوە ئەم پارتە خۆی وەك ئەلتەرناتیڤی شۆڕشی ئۆکتوبەری سۆسیالیستی پێشکەش دەکردو هێشتا لە رزگارکردنی کوردستان نەبووبۆوە باسی لە ئازادی ڕزگارکردنی تورکیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت جیهانیش دەکرد. لەخۆبایبوونێکی وەها بۆ هەر بزووتنەوەیەك بەواتای خۆسڕکردن و کەوتنە ناو بێهۆشبوونێکی سیاسی و فکرییەوە. و ئەوکاتەش مەخابن تەنیا دەرمانێك بۆ بەئاگاهاتنەوەیەك لەم بێهۆشییە شۆکی شکەست، یان کەوتنە ناو قەیرانەوە دەبێت. کە هەر واش بوو.

4- قەیرانی سەرۆکایەتی:

یەکێك لە هۆکارەکانی تری قەیران کە هێشتا کاریگەریی نێگەتیڤانەی خۆی دەنوێنێ قەیرانی سەرۆکایەتییە. بەو واتایەی سەرۆکایەتی پ.ك.ك کە ڕانەهاتبوو بێ ئۆجالان کار بەڕێوەبەرێت. دوای دەستگیرکردنیشی هەر چاوەڕێی ئەوەیە ئۆجالان لە زیندانەوە پەیامیان بۆ بەرێ بکات و ئەگەر چاوپێکەوتنی پارێزەرانی ئۆجالان بۆ ماوەیەکی درێژ ئاستەنگ بکرێت و دوابخرێت ئەو سەرکردایەتییە تەنگەتاو دەبێت. دیارە من لێرەدا ناخوازم ئاو بکەمە ئاشی تورکیاوە  کە دەخوازێت کەسایەتی سیاسی ئۆجالان لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە بکوژێت. بەڵام چۆن دەکرێ ئایندەی بزووتنەوەیەك کە پەیامی ڕزگارکردنی بەملیۆنان کوردی خستۆتە ئەستۆی خۆی بەتاکەکەسێکەوە ببەستێتەوە کە ئەوکەسەش زیندانییەو لە ڕووی ئاگادارییەوە لەدەرەوەی ڕووداوەکاندایە..؟ دەوڵەتی تورکیاش باش هەستی بەم خاڵە لاوازە کردووەو هەربۆیەش گورزی خۆی لەم ڕێگایەوە دەوەشێنێت. ئەوەتا پ.ك.ك ی بێ ئۆجالان. هەر ڕۆژە ناوێك دەگۆڕێت و هێشتا مێتۆدێك بە تەواوی تاقی نەکراوەتەوە مێتۆدێکی دی دەخاتە ڕوو. و تاك تاك و گروپ گروپ ڕیزەکانی ڕێکحستن جێدەهێڵن و ئیتر یان دادەنیشن و دەست لەکاری سیاسی بەردەدەن یانیش زۆربەیان دەکەونە دژایەتی پ.ك.ك و لە ڕێگای ئەویشەوە دژایەتی بزووتنەوەکە بەگشتی. گەرچی گۆڕینی ناوو گۆڕینی شێوازو مێتۆدی خەبات خۆی لەخۆیدا کارێکی پۆزەتیڤە، بەڵام ڕەوتی گۆڕنکارییەکان بەجۆرێکن کە لە ئەنجامی شپرزەیی و تەنگەتاو بوونەوە ڕوودەدەن نەك وەك وەرچەرخانێکی دیرۆکی کە لە ئاست گۆڕانکارییە گشتییەکاندا بێت. هەروا پارچەبوون و دەستکێشانەوەش لەکاری سیاسی دیسان سروشتییەو لەخەباتێکی ئاوا سەخت و دژواردا دەبێ چاوەڕوانی ئەم جۆرە ڕووداوانەش بکرێت. بەڵام هەموو ئەمانە سنووری دیاریکراویان هەیەو کاتێك لەو سنوورە دەربازبێت ئەگەری ئەوە هەیە شیرازەی کارەکان بەتەواوی تێك بچێت و ئەکاتەش کارەسات..!!

ئێستا و دوای ئەوەی کە ئەم بزووتنەوە مەزن و خاوەن خەباتە پڕ لە فیداکارییانە. قۆناغی قەیرانی خۆی بەسەردەبات. پێموایە بەبەریەوە هەیە لەم قۆناغە دژوارە دەربازبێت. فاکتەری هەرە گەورەش بۆژیاندنەوەی بزووتنەوەکەو شکەست نەهێنانی ئەوەیە کە نوێنەرایەتی خواستە ڕەواکانی گەلێك دەکات کە لەسەردەمی برەوی دیموکراسی و پەرەسەندنی ئازادییەکان نکوڵی لەهەبوونی دەکرێت. و جێگای سەرنجە کە بەردەوامبوونی قەیرانی ئەم بزووتنەوەیە ئەگەری ئەوەی تێدایە شکەستی گەورەتر بێنێتە ئاراوە کە ئەمە نەك هەر کارەساتێکە بۆ باکوری کوردستان بەڵکو زیانێکی گەورەی بۆ سەرجەم بزووتنەوەی کورد لێ دەکەوێتەوە. کە هەلپەرستان و کورتبینانی سیاسی شرۆڤەی خۆیان لە دیدی تۆڵەسەندنەوەی سیاسی و وەڵامدانەوەی هەڵە بەهەڵەی گەورەتر دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە بە بڕوای من بۆ ئەم قۆناغە گرنگە و لەبەرچاوگرتنی بە پەلە دەخوازێت  ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: ئەم بزووتنەوەیە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، خۆی وەك بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی، واتا لەسەر ئاستی چوارپارچەی کوردستان خستەڕوو، و تەنانەت  سەرەتا (کە پاشان گۆڕانکاریی بەسەرداهات) خۆی وەك ئەلتەرناتیڤی هەموو لایەنەکان پێناسەدەکرد. ئێستاش ئەو سیاسەتەی کە پ.ك.ك پارتێکی سەرتاسەری کوردستانییە هەر بەردەوامە. کە بە بڕوای من ئەمە نەك هەر فاکتەری بەهێزکردنی ئەم بزووتنەوەیە نییە بەڵکو یەك لە هۆکارەکانی قەیران و لاوازبوونیشییەتی. چونکە ئەم بزووتنەیە دوژمنانێك بۆخۆی دروستدەکات و شەڕێك تووشی خۆی دەکات کە هیچ پێویست نییە و چنینەوەی هیچ دەستکەوتێکی بەدواوەنییە . و پ.ك.ك لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەی خۆی هیچ هێزێکی سیاسی کوردی سێ بەشەکەی تری کوردستانی وەك دۆست

بەخۆیەوە نەهێشتووەو گەرچی لە ڕووی سۆزو پێخۆشبوونەوە هەرکوردێك لەهەرشوێنێك بێت خۆی بە بەشێك لەکێشەی باکوری کوردستان دەزانێت بەڵام لەبەر کێشەو ململانێی پارتایەتی و تایبەتمەندی هەربەشێك و مەترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییەکان، ئەم هەستە ئاوێتەی مەترسیەو زۆرجار لەبری هاوکاری بزووتنەوی ئەم بەشەی کوردستان ئاستەنگی بۆ چاك دەکرێت. ئەمە بەتایبەتی لە باشووری کوردستان، هەبوونی پارتی کرێکاران یان پارتێکی سەر بە پ ك ك هیچ واتایەکی لۆژیکی نییەو وەك پێویستییەك خۆی ناسەپێنێت. بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ بەو واتایە لێك بدرێتەوە کە بزووتنەوەی کورد لە باکوری کوردستان بە یکجاری خۆی لە پارچەکانی تر دابڕێت و لە چوارچێوەیەکی تەسکی خۆیدا خۆی گۆشە گیر بکات. بە پێچەوەانەوە ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێ یارمەتی و هاوکارییەکی بێ سنوور لە جەماوەرو ڕۆشنبیران و لایەنە سیاسییەکان بەدەست بخات و سوود لە تواناکانییان وەربگرێت و لە بەرابەریشدا توانا مەزنەکانی خۆی لەخزمەتی ئەواندا بەکار بهێنێت. زۆر بوارو نێوەندو دامودەزگا هەن قاڵبێکی نەتەوەییان بەخۆوە گرتووەو دەکرێ چوارچێوەی هاوکاری و سوودلێوەرگرتنیان بەرفرەتر بکرێتەوە. بۆنموونە دەتوانین ناوی نێوەندێکی وەك تەلەفزیۆن، یان ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی بە گشتی، بوارەکانی ئەدەب و هونەر... ببەین. کە ئەمەش بۆ خۆی دەکرێ ڕێگاخۆشکردنێك بێت بۆ هاوکاری سیاسی.

هەروا نابێ ئەم وتەیەش وا لێك بدرێتەوە، کە ئیتر دەبێ هێزەکانی پ ك ك ناچاربکرێن بنکەو بارەگاکانیان لەباشووری کوردستان جێ بهێڵن. چونکە کارێکی وا یەکجار مەترسیدارەو بەم واتایەیە کە لە حاڵەتی مل نەدانی پ ك ك بۆ وەها داوایەك یان دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی نێوخۆیی تر لە باشووری کوردستان. و یانیش لە حاڵەتی گەڕانەوەی هێزەکانیان بۆ ناو سنووری سیاسی تورکیا بەواتای هەرچی قورستر بوونی شەڕ و پێکدادان لە گەڵ هێزە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە. ئەمەش درووست ئەو ئامانجەیە کە دەوڵەتی تورکیا بە هەموو قورسایی خۆیەوە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

دووەم: بزووتنەی سیاسی- چەکداری پ.ك.ك لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆییدا بەداخەوە هێندەی کارتی سیاسی لەبەردەستدا نییە کە گەمەیان پێبکات. و گەرچی قەیرانی ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە ڕووی سیاسییەوەیە بەڵام بەحوکمی هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکان خەباتی چەکداری ناتوانێ ئەو ڕۆڵە یەکلاکەرەوەیە بگێڕێت و بارودۆخەکە بەبارێکی دیکەدا ببات. بۆیە وەك چۆن قەیرانەکە سیاسییە چارەسەری و فاکتەرو میکانیزمەکانی دەربازبوونیش هەر دەبێ سیاسی بن. ئەوانەی گرەو لەسەر دەستپێکردنەوەی شەڕەکەن و وەك ڕێگاچارەی دەربازبوون لەقەیرانەکەی دەبینن بەهەڵەدا دەچن و جگە لە ڕژانی خوێنی زۆرترو قوربانی بێ بەرهەم و ڕەشترکردنی ناوی بزووتنەوەکە وەك تێرۆریست... دەستکەوتێکی بەدواوە نییە. کە دیارە ئەمەش بەو واتایە نییە کە چەکەکانییان فرێدەن و دەستیی تەسلیم بوون بەرزکەنەوە بەڵکو کارێکی وا دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی ڕکەوتنێکی سیاسییەوە بێت. دەنا تا ئەو کاتە لەڕەوشی خۆپارستنی ڕەوادا بەردەوام بن.

سێیەم: زۆر چەمك و واژە هەن لە ڕابردوودا بەکارهاتوون و هێشتاش هەر بەکاردێن. وەك: ئەوەی شەڕ نەکات خائینە. ئەوەی ئاشتی نەکات خائینە. ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەخوازێت، یان بیخوازێت خائینە...و هەروا چەمکەکانی وەك خیانەت، نۆکەر، تیرۆریست...تەنیا وەك کاردانەوەیەکی عاتیفی یان خاوکردنەوەی ڕق و هەڵچونێك و یانیش وەك ئامرازێکی سوکی ڕاگەیاندن بەکارهاتوون و زۆرکەم واهەبووە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی بابەتییانەو یان بنەمایەکی زانستیانەی هەبووبێ. ئەمە ئەو گرفت و هەڵەیەیە کە بزووتنەوەی سیاسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەردەوام پەیڕەوی کردووەو هێشتاش لە پەیڕەوکردنیدا بەردەوامە.

موتلەق کردنی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکان و سەپاندنییان بەبێ هەبوونی پاساوو قەناعەتێك سەرەڕای ئەوەی پتر بیرو ڕا جیاوازەکان لە یەك دەترازێنێ و بۆ کاتێکی درێژخایەن تر لە هەمبەر یەك ڕایاندەگرێ و بەگژ یەکیاندا دەکات، مێشکی لایەنگرانی هەمان ئایدیۆلۆژیاش بەرەو دۆگمابوون دەبات و لە ئاکامدا ئەوەی دەخوازرێ بەدەست نایەت.

بەگشتی: سیاسەت، سەرکردە، ئایدیۆلۆژیا، شێوازی خەبات، بەرژەوەندی، سیمبۆلەکان... ئەو چەمکە ڕەش یان سپیانە نین کە یەك واتایان هەبێت و ڕەهەندەکانی وەك یەك بۆ هەمووان ئاشکرا بێت. کەواتە با چەمکەکان گشتی و ڕەها نەکەین و لێکدانەوەیان بخەینە ئەستۆی دیالۆگێکی ئازادانەو با وەها دیالۆگێك بکەینە کولتوور.